## یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان



### راپۆرتێک لەبارەی:

# پرۆژە خزمەتگوزارییە راگیراوەکان
# لە ئیدارەی گەرمیان

ئەیلولی 2024

## پێشەکی:

لەپاش قەیرانی داراییەوە کە لە ساڵی 2014 هەرێمی کوردستانی گرتەوە، تاوەکو ئێستا ژمارەیەکی زۆری پرۆژەی ستراتیژی و خزمەتگوزاری لە سنوری گەرمیان راگیراون بەهۆی تەرخان نەکردنی بودجە بۆیان، کە تاوەکو ئێستا دەستیان پێنەکردوەتەوە.

ئەو پرۆژانەشی کە راگیراون تەنها لە یەک کەرت و یەک وەزارەتدا نین، بەڵکو زۆرینەی کەرت و وەزارەتەکانی گرتوەتەوە.

لەم راپۆرتەدا بەدواداچون دەکەین بۆ ئەو پرۆژانە، ژمارە و وردەکارییەکانیان دەخەینەڕو و هەوڵەکان بۆ دەستپێکردنەوەیان باس دەکەین.

## بەشی یەکەم: پرۆژە راگیراوەکان بەپێی بەڕێوبەرایەتییەکان

### 1. بەڕێوبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان

لە سنوری بەڕێوبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان، 21 پرۆژەی راگیراو هەیە کە بۆ سەردەمی قەیرانی دارایی دەگەڕێنەوە.

بەرزان کەریم، بەڕێوبەری گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان دەڵێت: لە ئێستادا ئەنجومەنی وەزیران کار لەسەر ئەوە دەکات ئەم پرۆژانە بخرێنەوە سەر وەزارەتەکان و دۆسیەکان رادەستی وەزارەتەکان بکاتەوە.

"بەرەوپێشچونەکان لەو پرۆژانەی کە لە ساڵانی رابردو راگیراون بەهۆی تەرخان نەکردنی بودجە بۆی و لەسەر پترۆ دۆلارن، دۆسیە و بودجەشیان لە ئەنجومەنی وەزیرانە و هیچی لای وەزارەتەکان نەبوە، ئەوەی هەبوە لە گەرمیان لیژنەیەکی لاوەکی هەبوە و چێکی بودجەکەیان کردوە و ئاراستەی ئەو لیژنە باڵایە کراوە کە لە ئەنجومەنی وەزیران بوە"، بەرزان کەریم وای وت.

لەبارەی دوبارە دەستکردن بە کارکردن لەو پرۆژانەی کە تایبەتە بە شارەوانیەکان، بەرزان کەریم، باسی لەوەشکرد: ئەم پرۆژانە کێشەی ئەوەی هەیە لە ئێستادا ئەگەر بودجەشی بۆ دابنرێت و تەمویل بکرێت ناتوانرێت دەست بەکارکردن بکرێتەوە تێیاندا تاوەکو نەخرێنەوە سەر وەزارەتەکان.

بەپێی وتەی بەڕێوبەری گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان، یەکێکی دیکە لەو کێشانەی روبەڕویان بوەتەوە کاتی خۆی کە دەرخستە کراوە بۆ ئەو پرۆژانە دۆلار 120 هەزار دینار بوە ئێستا دۆلار بە

150 هەزار دینار مامەڵەی پێوەدەکرێت، ئەنجومەنی وەزیرانیش بڕیاریداوە بە 130 هەزار بۆ بەڵێنەدەران بیشکێنێتەوە ئەمەش کێشەی بۆ ئەوان دروستکردوە و توشی زیان دەبن.

ناوبراو ئاماژەی بەوەکرد: ئێمە پشتگیری بەڵێندەرەکان دەکەین بۆ ئەوەی توشی زیان نەبن و گۆڕانکاری لە دەرخستەکانیاندا بکرێت و پێویستە ئەنجومەنی وەزیرانیش بڕیارێک لەسەر ئەو بابەتە بدات.

جەختی لەوەشکردەوە: بە تەواوکردنی ئەو پرۆژانەی کە هەن گەرمیان دەباتە قۆناغێکی ترەوە.



**پرۆژەیەکی راگیراو لە قەزای کفری**

**١. شارەوانی کەلار**

ئەکرەم ساڵح، سەرۆکی شارەوانی کەلار وتی: لە سنوری شارەوانی کەلار کۆمەڵێک پرۆژەمان هەیە راگیراوە و بودجەی لەسەر پترۆ دۆلارە کە خۆی لە 5 پرۆژەیەک دەبینێتەوە، کە بەهۆی قەیرانی داراییەوە کارەکانیان راگیراوە و هەر یەکێکیان رێژەیەک کارکردن تێیدا ئەنجامدراوە.

بەپێی وتەی سەرۆکی شارەوانی کەلار، پرۆژەی قیرتاوکردنی زیاتر لە 7 گەڕەکی قەزای کەلار راگیراوە، وەک خۆی دەڵێت: لە ئێستادا رێکارێک هەیە بۆ ئەوەی ئەو پرۆژانە دەست بەکار بکەنەوە.

دەشڵێت: ئەم پرۆژانە لە ماوەکانی پێشتر ناوبەناو کاریان تێدا کراوە، بەڵام بەهۆی خەرج نەکردنی پارە بۆیان دیسان وەستاوەتەوە، لە کاتێکدا لە ماوەکانی رابردو چەندینجار نوسراومان ئاراستەی وەزارەت کردوە بەڵام نەکەوتونەتەوە کار.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: ئەوەی هەیە لە ئێستادا بۆ بەگەڕخستنەوەی ئەم پرۆژانە ئەنجومەنی وەزیران رەزامەندی داوە ئەو پرۆژانەی کە لەسەر پترۆ دۆلارن بخرێنەوە سەر وەزارەتەکان و لە رێگەی وەزارەتەکانەوە پارەی بۆ تەرخان بکرێت بۆ ئەوەی بەگەڕبخرێنەوە، بۆیە ئێستا لە وەزارەتە ئەو پرۆژانە کە هاتەوە لای ئێمە راستەوخۆ دەست بە رێکارەکان دەکەین و بودجەی بۆ دیاری دەکەین ئایە لە رێگەی وەزارەتەوە بێت یان لەسەر داهاتی شارەوانی و فرۆشتنی زەویەوە بێت.

لەبارە ئەوەی چ پرۆژەیەک لە ئێستادا لە کاردایە، سەرۆکی شارەوانی کەلار ئاماژەی بەوەکرد: لە ئێستادا تەنها یەک پرۆژەمان هەیە لە کاردایە ئەویش جادەی پشتێنەی کەلارە کە ماوەیەک کارەکانی راگیرا بەهۆی قەرەبوکردنەوەی ئەو ماڵانەی بەر پرۆژەکە دەکەوت، دەستی پێکردوەتەوە ئەو پرۆژەیە و لە ئایندەیەکی نزیکدا تەواو دەبێت.

بەپێی یاسا و رێنماییەکان هەر شارەوانیەو دەتوانێت لەسەر داهاتی خۆی رێژەیەک بەکار ببات بۆ ئەنجامدانی پرۆژە، شارەوانی کەلاریش یەکێکە لەو شارەوانیانە، ئەکرەم ساڵح، لەمبارەیەوە وتی: پێشتر دەمانتوانی 20%ـی داهاتی شارەوانی بەکاریبەین لە پرۆژەکانماندا، بەڵام دواتر کەمکرایەوە بۆ 17%، دوای ماوەیەک ئەو رێژەیەش وەستا و نەماندەتوانی هیچ برە داهاتێک خەرج بکەین، بەڵام ئێستا بوە بە لە 15% و ماوەی چەند ساڵێکە ئەو رێژەیە بەکاردەبەین.

دەربارەی ئەوەی چەندێک لەو پارە تەرخانکراوە دەتوانن بەکار ببەن بۆ تەواوکردنی پرۆژە راگیراوەکان، سەرۆکی شارەوانی کەلار وتی: بەو رێژەیە ناتوانین پرۆژەی گەورەی پێ ئەنجام بدەین تەنها دەتوانین پرۆژەی بچوک ئەنجام بدەین، ئەو پرۆژانەی کە راگیراون بودجەیان سەروی ملیۆنێک دۆلارە، بۆیە ئەبێت تەرخانکراوی هەبێت لە وەزارەتەکانەوە، جگە لەوەش ئەگەر تەنانەت پارەشمان لە

بەردەست بوایە نەماندەتوانی ئیش لەسەر ئەو پرۆژانە بکەین، چونکە لەسەر پترۆدۆلارن و تازە کار لەسەر ئەوە دەکرێت بخرێتە سەر بودجەی وەزارەتەکان.

| ژ | ناوی پرۆژە | گوژمەی پرۆژە | رێکەوتی دەستبەکاربون | رێژەی کارکردن | جۆری بودجە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | خزمەتگوزاری شۆستەو قیرتاوکردنی گەڕەکی بنگرد و ئاوەڕۆی لولەیی و کۆنکریتکردنی کۆڵانەکانی گردەگۆزینە قەزای کەلار | 1،955،772 | 2013/7/16 | 75% | پەرەپێدانی گەرمیان |
| 2 | دروستکردنی شەقام و شۆستەی گەڕەکەکانی شەهیدان و خەبات و مامۆستایان و شارەوانی یەک | 6،401،710 | 2013/7/25 | 40% | پەرەپێدانی گەرمیان |
| 3 | شۆستە و قیرتاوکردنی گەڕەکەکانی گۆران و ئازادی و بەردەسور | 4،725،234 | 2013/10/13 | 13% | پەرەپێدانی گەرمیان |
| 4 | تەواوکاری خزمەتگوزاری گەڕەکەکانی ئەنفالەکان لە کەلار | 4،872،720 | 2014/2/23 | 2% | پەرەپێدانی گەرمیان |
| 5 | شۆستە و قیرتاوکردنی گەڕەکەکانی ئەندازیاران و سیروان لە کەلار | 3،418،159 | 2014/5/4 | 0% | پەرەپێدانی گەرمیان |

**ب. شارەوانی قەزای کفری**

لە کفریش 5 پرۆژەی خزمەتگوزاریی هەن کە بەکاریگەری قەیرانی دارایی راگیراون.

"ئەم پرۆژانە بەهۆی قەیرانی داراییەوە راگیراون، بەڵام لە ئێستادا هەنگاوی جدی بۆ نراوە بە گەڕبخرێنەوە و خراونەتە سەر بودجەی وەزارەتمان". عەلی خورشید، سەرۆکی شارەوانی قەزای کفری وتی.

وتیشی: 3 لەو پرۆژانە کە لەسەر پترۆدۆلارن و ڕێگاسازیی گەڕەکەکانن لەگەڵ بینای شارەوانی قەزاکە خراونەتەوە سەر وەزارەتمان و لە ئێستادا سەرقاڵی هێنانەوەی دۆسیەکانیان و بۆ ئەو مەبەستەش لیژنەیەک پێکهێنراوە و چاوەڕوانین لە ئایندەیەکی نزیکدا رادەستمانی بکەنەوە.

جەختی لەوەشکردەوە: لە ئەمساڵدا بودجە بۆ ئەو 3 پرۆژەیە تەرخانکراوە، چاوەڕوانین لە ئایندەیەکی نزیکدا دەست بەکار بکەینەوە تێیاندا، تەنانەت بەڵێندەری پرۆژەکانیشمان بانگ کردوە.

| ژ | ناوی پرۆژە | گوژمەی پرۆژە/ دۆلار | ڕێژەی کارکردن | جۆری بودجە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | تەواوکاری خزمەتگوزاری گەڕەکەکانی راپەڕین و ئازادی و ئیمام محەمەد | 4،405،206 | 20% | پەرەپێدانی ناوچە جیاجیاکانی هەرێم |
| 2 | تەواوکاری خزمەتگوزاری گەڕەکەکانی شۆڕش و شەهیدان و مامۆستایان | 3،539،080 | 27% | وەبەرهێنانی وەزارەت |
| 3 | جوت سایدی کفری کارێز | 1،882،600 | 67% | پەرەپێدانی ناوچە جیاجیاکانی هەرێم |
| 4 | دروستکردنی بینای شارەوانی کفری و فەرمانگەی ئاوی کفری | 1،400،000 | 50% | پەرەپێدانی ناوچە جیاجیاکانی هەرێم |
| 5 | ڕێگاسازی گەڕەکی راپەڕین | 1،250،000 | 0% | پەرەپێدانی گەرمیان |

**ت. شارەوانی قەزای خانەقین**

لە قەزای خانەقین 6 پرۆژەی راگیراو هەن، بەڵام دواتر کە روداوەکانی ئۆکتۆبەری 2017ـی بەسەردا هات، دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم و لەنێویشیدا شارەوانی، لەو شارەدا لاواز بون.

| ژ | ناوی پرۆژە | گوژمەی پرۆژە | رێژەی کارکردن | جۆری بودجە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | قیرتاوکردنی سایدی دوەمی خانەقین-باوەمەحمود | 5،313،257 دۆلار | 20% | پەرەپێدانی هەرێم |
| 2 | جوت سایدی خانەقین-سیروان | 2،002،120 دۆلار | 36% | پەرەپێدانی هەرێم |
| 3 | قیرتاوکردنو کربستۆنی جادەی سەرەکی تۆڵەفرۆش لە خانەقین | 1،124،000،000 | 0% | پەرەپێدانی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم |
| 4 | دروستکردنی ئاوەرۆ و دانانی کربستۆن بۆ گەڕەکی کرێکارانی خانەقین | 1،363،000،000 | 0% | پەرەپێدانی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم |
| 5 | رێگاسازی و خزمەتگوزارییەکانی رێگای دادگای خانەقین | 1،314،000،000 | 0% | پەرەپێدانی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم |
| 6 | دروستکردنی ناوەندی وەرزشی پلە 2ی خانەقین | 1،319،766،500 | 0% | پەرەپێدانی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم |

**پ. ناحیەی رزگاریی**

| ژ | ناوی پرۆژە | گوژمەی پرۆژە/ دۆلار | رێژەی کارکردن | جۆری پرۆژە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | پرۆژەی رێگاسازی گەڕەکەکانی ناحیەی رزگاری | 4،596،565 | 51% | پەرەپێدانی هەرێم |
| 2 | دروستکردنی شۆستەو قیرتاوکردنی بەشی دوەمی گەڕەکەکانی ناحیەی رزگاری | 4،359،845،11 | 33% | پەرەپێدانی هەرێم |

**ت. ناحیەی باوەنور**

| ژ | ناوی پرۆژە | گوژمەی پرۆژە/ دۆلار | رێژەی کارکردن | جۆری بودجە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | پرۆژەی ئاوەڕۆ و رێگاسازی گەڕەکەکانی باوەنور | 1،180،211 | 50% | پترۆدۆلار |

**ج. ناحیەی سەرقەڵا**

| ژ | ناوی پرۆژە | گوژمەی پرۆژە/ دینار | رێژەی کارکردن | جۆری بودجە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | دروستکردنی باخچە و جوانکاری بۆ بەردەم ناحیە و پارکی سەرقەڵا | 468،241،960 | 74% | پەرەپێدانی هەرێم |

**چ. ناحیەی کۆکس "کوڵەجۆ"**

| ژ | ناوی پرۆژە | گوژمەی پرۆژە/ دینار | رێژەی کارکردن | جۆری بودجە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | دروستکردنی جادەی دوسایدی سەرەکی بەشی یەکەم لە ناحیەی کوڵەجۆ | 1،321،814،600 | 20% | پەرەپێدانی هەرێم |

## 2. بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان

"ئەو پرۆژانەی کەلەسەر پترۆدۆلارن و پێش ساڵی 2014 کراوە وەستاون تاوەکو ئێستا خۆی لە 4 پرۆژە دەبینێتەوە وەک تەندروستی، ئەم پرۆژانەش هیچ ئەوەلیاتێکی لەلای ئێمە نیە، چونکە کاتی خۆی لەلایەن لیژنەی لاوەکی پەرەپێدانی ناوچەکانی هەرێم کراوە لەسەر پترۆ دۆلار". د.سیروان محەمەد، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان وا دەڵێت.

دەشڵێت: بۆ ماوەی 3 ساڵە ئەنجومەنی وەزیران کار لەسەر ئەوە دەکات ئەم پرۆژانە بخرێنەوە سەر وەزارەتەکان بۆ ئەوەی بەگەڕبخرێنەوە، وەک وەزارەتی تەندروستی هیچ نەکراوە تاوەکو ئێستا بۆ ئەوەی ئێمە وەریبگرین.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: ئەم پرۆژانە هیچ مامەڵەیەکی لەلای ئێمە نیە و ناشزانین چۆنە، بۆیە هەر کات دۆسیەکەی هاتەوە لای ئێمە کاری جدی لەسەردەکەین، بۆ ئەو مەبەستە چەندین جاریش نوسراومان ئاراستەی وەزارەت کردوە پێیان راگەیاندوین لەسەر وەزارەت نین هەر کات هاتەوە سەر وەزارەت کاری لەسەر دەکەین.

جەختی لەوەشکردەوە: ئەو پرۆژانەی کە هەن و دەرخستەیان بۆ کراوە پێش 12 ساڵ ئەگەر بەوشێوەیە بێتەوە بەردەستی ئێمە ناتوانین کاری لەسەر بکەین و بەو دەرخستەیەش تەواو نابێت، چونکە ئێستا دۆخەکە جیاوازترە لە پێشتر لە روی مەواد و پێداویستیەوە، بۆیە دەبێت گۆڕانکاری لە دەرخستەکە و دیزاینەکەشی دا بکرێت.

بەپێی وتەی بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، کەرتی تەندروستی گشتی لە گەرمیان بۆ ماوەی چەند ساڵێکە بەچەقبەستویی ماوەتەوە و ژێرخانی تەندروستی لە گەرمیانیش لاوازە، بۆیە بە ئەنجامدانی ئەم پرۆژانە تاڕادەیەک کەرتی تەندروستی گشتی لەو چەقبەستوییەی کە هەیە رزگار دەکات، ئەگەرچی چەندین پرۆژەی دیکەیان هەیە و لە پلاندایە هەر کات دەرگای دەستپێکردنی پرۆژە کرایەوە کاری لەسەر دەکەن.

پرۆژە ڕاگیراوەکانی بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان

| ژ | ناوی پرۆژە | گوژمەی پرۆژە/ دینار | ڕێژەی کارکردن | جۆری بودجە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | دروستکردنی نەخۆشخانەی 100 قەروێڵەی منداڵان لە کەلار | 27،000،000،000 | 35% | پترۆدۆلار |
| 2 | دروستکردنی بینای سەنتەری ددان لە کەلار | 501،455،000 | 60% | پترۆدۆلار |
| 3 | دروستکردنی بینای دو بنکەی تەندروستی لە جۆری (C و D) لە ناحیەی ڕزگاری لەگەڵ بنکەی تەندروستی جۆری (E) لە ناحیەی قۆرەتو | 815،592،000 | 35% | پترۆدۆلار |
| 4 | دابینکردنی ئامێر و پێداویستی پزیشکی بۆ نەخۆشخانەی گشتی خانەقین و نەخۆشخانەی فریاکەوتنی کەلار | 2،397،705،000 | 73% | پترۆدۆلار |

## 3. بەڕێوبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری گەرمیان

پرۆژە گەشتیارییەکانی گەرمیان بەشێکیان بەر پرۆژەی وەبەرهێنان کەوتون و نەماون، ئەوەشی ماوەتەوە کارکردن تیایاندا راگیراوە، بەڕێوبەری گشتی گەشتوگوزاری گەرمیانیش دەڵێت: حکومەت کاری لەسەر کردوە کارکردن تیایاندا دەست پێبکاتەوە و ئێمەش چاوەڕوانین.

| ژ | ناوی پرۆژە | گوژمەی پرۆژە | ڕێژەی کارکردن | ڕێکەوتی دەستبەکاربون | جۆری بودجە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | گەشتیاری بەنداوی ئەڵوەن لە خانەقین | 1،500،000،000 دینار | 15% | 2014/5/14 | وەبەرهێنانی ساڵی 2013 (وەزارەت) |
| 2 | دروستکردنی شوێنی گەشتیاری لە دەروازەی کەلار-سلێمانی | 1000،000،000 دینار | 62% | 2014/1/15 | وەبەرهێنانی ساڵی 2013 (وەزارەت) |
| 3 | گەشتیاری بەردەسور | 2،500،000،000 | 0% | دەستبەکار نەبوە | وەبەرهێنانی ساڵی 2013 (وەزارەت) |
| 4 | جوانکاری و گەشتیاریکردنی دەوروبەری قەڵای شێروانە | 2،000،000 دۆلار | 12% | 2013/12/16 | پەرپێدانی ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان 2013 |
| 5 | گەشتیاری بەنداوی باوەشاسوار | 1،000،000 دۆلار | 23% | 2013/2/16 | پەرپێدانی ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان 2013 |

"لە ئێستادا پلان بۆ یەک پرۆژەی گەشتیاری هەیە کە دەست بەکاربکاتەوە ئەویش پرۆژەی گەشتیاری بەرلوتە کە 60%ـی کارەکانی تەواو بوە، بەڵام بەهۆی خەرج نەکردنی بودجە بۆ بەڵێندەری پرۆژەکە لە کاتێکدا چەکیشی هەیە وازی لە پرۆژەکە هێناوە و گەڕاوەتەوە سەر بەڕێوبەرایەتیمان". هێرش فەیزوڵڵا، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی گەشتوگوزاری گەرمیان وتی.

دەشڵێت: لە ئێستادا رادەستکردن بۆ پرۆژەکە کراوە لەسەر ئاستی وەزارەت و کارمان لەسەر ئەوەکردوە بە نوسراوی فەرمی کە لە رێگەی بانەوانی "موساتەحەوە" بدرێت بە بەڵێندەرێکی دیکە بۆ ئەوەی دەست کاربکاتەوە لەو پرۆژەیە.

باسی لەوەشکرد: 2 پرۆژەی دیکەمان هەیە گەشتیاری کە بەر زۆنەکانی سەر روباری سیروان کەوتوە ئەویش لە زۆنی دو و شەشە، ئەوەی زۆنی 2 هەندێک کاری تێداکرابو داوامان کردوە قەرەبوی بەڵێندەری پرۆژەکە بکرێتەوە و پرۆژەیەکی دیکەی گەشتیاریمان بۆ ئەنجام بدات لە شوێنێکی دیکە، ئەوەی زۆنی 6 هیچ کاری تێدا نەکراوە.

لە بارەی پرۆژەکانی کفری و خانەقینەوە، بەڕێوبەری گشتی گەشتوگوزاری گەرمیان وتی: ئەوەی کفری و خانەقین وەک خۆی ماوەتەوە و لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی کارەکانیان راگیراوە، رێژەی ئەنجامدراوین لە 6% و7ـە.

جەختی لەوەشکردەوە: لە ئێستادا حکومەت پلانێکی هەیە بۆ ئەو پرۆژانەی لەسەر پترۆ دۆلارن بخرێنەوە سەر وەزارەتەکانی خۆیان بۆ ئەوەی بودجەی بۆ تەرخان بکرێت بۆ ئێمەش هەمان شتە هەندێک لەو پرۆژانە لەسەر پترۆدۆلارە و کاری لەسەرکراوە و چاوەڕوانین وەڵامدانەوە هەبێت بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکەین.

### 4. بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان

هاوشێوەی بەڕێوبەرایەتیەکانی دیکە لە گەرمیان، بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیانیش کۆمەڵێک پرۆژەی راگیراوە، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتیەکەش دەڵێت: گرنگە کارکردن تێیاندا دەستپێبکاتەوە.

| ژ | ناوی پرۆژە | گوژمەی پرۆژە/ دینار | ڕێکەوتی دەست بەکاربون | ڕێژەی کارکردن | جۆری بودجە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | دروستکردنی قوتابخانەی 18 پۆلی لە ناحیەی کۆکس | 2،027،458،000 | 2013/2/10 | 92% | وەبەرهێنان |
| 2 | دروستکردنی قوتابخانەی 18 پۆلی لە ناحیەی سەرقەڵا | 1،081،000،000 | 2013/4/22 | 98% | پترۆ دۆلار |
| 3 | دروستکردنی قوتابخانەی 12 پۆلی لە قەزای کفری | 1،789،247،000 | 2013/9/12 | 50% | پترۆ دۆلار |

دارا ئەحمەد سەمین، بەڕێوبەری گشتی بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی گەرمیان دەڵێت: لە ساڵی 2014 و لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی 3 پرۆژەی گرنگمان کارکردن تێدیا وەستاوە ئەویش بینای سێ قوتابخانەیە کە بودجەی دوانیان لەسەر پترۆ دۆلارە.

وتیشی: لە ئێستادا حکومەت نوسراوی بۆ کردوین کە ئەو پرۆژانە بخرێنەوە سەر وەزارەتەکان و کارمان لەسەر کردوە، تەنانەت وەزارەتمان داوای مامەڵەی ئەو پرۆژانەی کردوە بەتایبەت ئەوەی ناحیەی سەرقەڵا.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: ئێمە گرفتی بینامان هەیە لە گەرمیان زۆر گرنگە ئەو پرۆژانە تەواو بکرێن، چونکە ڕێژەیەکی زۆر باش کارکردن لە 2 دانەیان ئەنجام دراوە و لە تەواوبوندایە.

هاوکات بەڕێوبەری پەروەردەی گەرمیان نیگەرانی خۆی دەربڕی لەبارەی ئەوەی ئەم پرۆژانە ئەگەر کارکردن تێیدا دەست پێنەکاتەوە ئەوە توشی داڕوخان دەبێت و ناچار دەبن بودجەی دیکەی بۆ تەرخان بکرێت بۆ نۆژەنکردنەوەی.

## 5. بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان

شادیە حسێن، بەڕێوبەری گشتی کشتوکاڵی گەرمیان وتی: 3 پرۆژەمان هەیە، ئەو پرۆژانەش بەهۆی قەیرانی داراییەوە رانەگیراوە، بەڵکو هەر یەکێکیان و کۆمەڵێک کێشەیان هەیە.

وتیشی: پرۆژەی دروستکردنی بینای کشتوکاڵی خانەقین لە ساڵی 2016 کۆمپانیاکە وازی لە کارەکە هێناوە و وتی ناتوانم تەواوی بکەم، بۆیە هەمو مامەڵەکانی وەرگرتنەوەمان بۆ کردوە، ئەوەی ماوەتەوە حکومەت دیسان تەندەرینی بۆ بکاتەوە و کۆمپانیایەکی تر وەریبگرێت، لەگەڵ ئەوەش بودجەکەی ماوە تەنها ئەوەیە پێویستە تەرخانکردنی بۆ بکرێت.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: پرۆژەی پەنجە ماسیەکەشمان وەک خۆی تەواو بوە ئەوەی گرفتە نەبونی ستافە لەگەڵ نەبونی 2 دایکانە کە لە عێراق نیە و پێویستە لە دەرەوە بهێنرێت، بۆیە تەنها کێشەی ستاف و هەندێک رێکاری هونەریی هەیە.

لەبارەی سەربڕیخانەی پەلەوەری کەلارەوە، بەڕێوبەری گشتی کشتوکاڵی گەرمیان دەڵێت: ئەو پرۆژەیەمان بەهۆی کێشەی یاساییەوە راگیراوە نەک قەیرانی دارایی، کێشەکەش ئەوەیە کۆمپانیا هەندێک برگەی جێبەجێ نەکردوە و پارەشی بۆ تەرخان کراوە، لە ساڵی 2012ـشەوە تاوەکو ئێستا دۆسیەکە لە دادگایە و یەکلا نەبوەتەوە.

| ژ | ناوی پرۆژە | گوژمەی پرۆژە/ دینار | رێژەی کارکردن | رێکەوتی دەستبەکاربون | جۆری بودجە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | سەربڕخانەی پەلەوەری کەلار | 1،634،381،500 | 58% | 2011/1/9 | نفقات حاکیمە |
| 2 | باڵەخانەی کشتوکاڵی قەزای خانەقین | 550،000،000 | 70% | 2012/4/10 | وەبەرهێنان |
| 3 | کێڵگەی هەڵهێنەری پەنجە ماسی لە کەلار | 247،200،000 | 75% | 2013/9/23 | بودجەی تەشغیلی کشتوکاڵی |

## 6. پرۆژەکانی بەڕێوبەرایەتی گشتی رۆشنبیری گەرمیان

"ئەم پرۆژانە بەهۆی قەیرانی دارییەوە راگیران و 2 لە پرۆژەکان لەسەر وەزارەتی خۆمان، ئەوەی قەزای کفری کە هۆڵێکی داخراوە و جێگەی 3 هەزار کەسی تێدا دەبێتەوە دەستی بەکارکردوەتەوە و کاری تێدا دەکرێت". ئازاد حسێن، جێگری بەڕێوبەری گشتی رۆشنبیری گەرمیان وا دەڵێت.

وتیشی: پرۆژەی هۆڵی رۆشنبیری کەلاریش کۆمپانیا دەستی لە کارکێشاوەتەوە و نەیتوانی ئەنجامی بدات، لە ئێستادا کۆمپانیایەکی دیکەیە لەبەرامبەر ئەو شوێنەی کە بیبات، هۆڵێکی دیکەمان بۆ دروست بکات بە رەزامەندی حکومەت و چاوەڕوانی ئەوەین.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: پرۆژەی هۆڵی وەرزشی پارائۆلۆمپیک کە بۆ وەرزشکارانی خاوەنپێداویستی تایبەتە، ئەوە کارەکانی راگیراوە و تاوەکو ئێستا بەرەوپێشچون نیە دەستپێبکاتەوە.

جەختی لەوەشکردەوە: ئەم پرۆژانە گرنگن بۆ گەرمیان وە پێویستە کاری جدی تێدا بکرێت بۆ ئەوەی دەست بەکاربکرێتەوە تێیاندا.

| ژ | ناوی پرۆژە | گوژمەی پرۆژە | بەرواری دەست بەکاربون | رێژەی کارکردن | جۆری بودجە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | هۆڵی رۆشنبیری کەلار | 5, 166, 872, 000 | 2011/1/9 | 65% | وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان |
| 2 | دروستکردنی هۆڵی وەرزشی پارائۆلۆمپیک لە کەلار | 2،998،500،000 | 2013/9/5 | 60% | پەرەپێدانی ساڵی 2011 |
| 3 | دروستکردنی هۆڵی داخراوی وەرزشی لە قەزای کفری | 3،692،301،000 | 2013/12/22 | 57% | وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان |

## 7. سەرۆکایەتی زانکۆی گەرمیان

پرۆژەکانی زانکۆی گەرمیانیش بێ بەری نەبوە لە کاریگەرییەکانی قەیرانی دارایی، بەپێی وتەی سەرۆکی زانکۆکە: لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەو پرۆژانە دەست پێدەکەنەوە.

د.ئارازفەریق زەینەڵ، سەرۆکی زانکۆی گەرمیان دەڵێت: وەک زانکۆی گەرمیان 3 پرۆژەی گرنگمان کارکردن تێیاندا راگیراوە لە ساڵی 2014ـەوە بەهۆی قەیرانی دارایی و شەڕی داعشەوە.

باسی لەوەشکرد: لە پێشتردا لیژنەیەک هەبوە بۆ سەرپەرشتیکردنی کارەکانی ئەم پرۆژانە ئەوەش نەماوە، لە ئێستادا لیژنەیەکمان بۆ پێکهێناوەتەوە و بەڵێندەری پرۆژەکانمان بانگکردوە بۆ ئەوەی دەستبەکار بکەنەوە لە پرۆژەکاندا و بەڵێنیان داوە دەستپێبکەنەوە، بەتایبەت لەوەی بینای سەرۆکایەتی زانکۆ لەگەڵ کتێبخانەکەدا.

جەختی لەوەشکردەوە: یەکێک لەو کێشانەی کە روبەرومان بوەتەوە کاتێک بودجە بۆ ئەم پرۆژانە دانراوە دۆلار بە 118 هەزار دینار بوە، ئێستا 100 دۆلار گەشتوە بە 150 هەزار دینار، بۆیە بەڵێندەرەکان داواکارییان پێشکەش کردوین لەسەر بڕی بودجەکەی لە بەشی یاسایمان رێکارەکانمان بۆ کردون و ئاراستەی وەزارەتی خۆمانی دەکەین.

بەپێی وتەی سەرۆکی زانکۆی گەرمیان بەهەمان شێوەی فەرمانگەکانی دیکە لە گەرمیان کار لەسەر ئەوە کراوە ئەو پرۆژانەی کە لەسەر پترۆ دۆلارن بخرێنە سەر وەزارەتەکەیان بۆ ئەوەی بودجەی بۆ تەرخان بکرێت و تەواو بکرێت.

پرۆژە راگیراوەکانی زانکۆی گەرمیان

| ژ | ناوی پرۆژە | گۆژمەی پرۆژە/ دینار | رێژەی کارکردن | رێکەوتی دەست بەکاربون | جۆری بودجە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | دروستکردنی بینای سەرۆکایەتی زانکۆی گەرمیان لە کەمپی زانکۆ | 7،895،902،500 | 60% | 2013/8/25 | وەبەرهێنان (وەزارەت) |
| 2 | دروستکردنی بینای کۆمەڵگەی وەرزشی مەلەوانگە لە خانەقین بۆ کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی | 5،989،446،558 | 84% | 2012/7/18 | وەبەرهێنان (وەزارەت) |
| 3 | دروستکردنی بینای کتێبخانەی گشتی زانکۆی گەرمیان لە کەمپی زانکۆ | 3،060،072،050 | 70% | 2013/9/15 | وەبەرهێنان (وەزارەت) |
| 4 | دروستکردنی بینای بنکەی پۆلیس و تەندروستی و کۆگای زانکۆ و نۆژەنکردنەوەی بەشە ناوخۆییەکانی خانەقین | 1،146،802 دۆلار | 68% | 2013/5/19 | پترۆ دۆلار |

## 8. بەڕێوبەرایەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی گەرمیان

جیاواز لە پرۆژە راگیراوەکانی تری گەرمیان پرۆژەکانی بەڕێوبەرایەتی ئاوەدانکردنەوەی گەرمیان جوڵەی تێکەوتوە و دەست بەکارکردن کراوە لە هەندێکیاندا.

پشتیوان عەبدوڵڵا، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوەدانکردنەوەی گەرمیان وتی: 4 پرۆژەمان هەیە لە گەرمیان کە بەهۆی قەیرانی دارایی کارکردن تێیاندا راگیرابو 2 پرۆژەیەان لە قەزای کەلارە 2 پرۆژەشیان لە قەزای کفرییە.

وتیشی: ئەو پرۆژانەی کەلار 2 وەجبەی 144 شوقەیە کە بۆ کەمدەرامەتان دروستکراوە و هەریەکە و رێژەیەکی باش کارکردن تێیاندا ئەنجام دراوە، بەڵام یەکێکیان کۆمپانیا لێی کشاوەتەوە و هاتوەتەوە سەر بەڕێوبەرایەتی خۆمان، ئەوانەی قەزای کفریش خزمەتگوزارییەکانی 2 پرۆژەی 36 یەکە کە لە ئێستادا کار لە یەکێکیاندا دەکرێت و نزیکەی 97%ـی کارەکانی تەواو بوە، ئەوەکەی دیکەشیان لە 50% کارە خزمەتگوزارییەکانی تەواو بوە.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: ئەم پرۆژانەش لەسەر بودجەی وەبەرهێنانی وەزارەتە و راگیراوە، لە ئێستاشدا کارمان لەسەر ئەو 144 شوقەیە کردوە کە 85%ـی کارکردن تێیدا ئەنجامدراوە و رەزامەندی بۆ گەڕاوەتەوە کە دەست بەکارکردن بکرێتەوە تێیدا کەلەلایەن کۆمپانیای شاتوەتەوە جێبەجێ دەکرێت، چاوەڕوانین نوسراوەکە بە فەرمی بگەڕێتەوە کە بڕی 500 ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کراوە بۆماوەی 3 مانگ بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکرێت.

دەشڵێت: 2 پرۆژەی دیکە هەیە کە هی ئێمە نیە و تەنها سەرپەرشتی دەکەی،ن ئەویش بینای فەرمانگەی داواکاری گشتیە لەگەڵ دروستکردنی بینای تاقیگەی بیناسازی.

**پرۆژە ڕاگیراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاوەدانکردنەوەی گەرمیان**

| ژ | ناوی پرۆژە | گوژمەی پرۆژە/ دینار | ڕێژەی کارکردن | ڕێکەوتی دەستبەکاربون | جۆری بودجە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | کاری خزمەتگوزارییەکانی 36ی یەکەی نیشتەجێبون لە قەزای کفری | 237،000،000 | 97% | 2013/3/30 | وەبەرهێنانی ساڵی 2013 |
| 2 | ئامادەکردن و دەرخستە و دیزاینکردن و ئەنجامدانی کارە خزمەتگوزارییەکانی 36ی یەکەی نیشتەجێبون لە قەزای کفری | 660،000،000 | 96% | 2013/11/25 | وەبەرهێنانی ساڵی 2013 |
| 3 | ئامادەکردنی دەرخستە و دیزاینکردن و ئەنجامدانی کارە خزمەتگوزارییەکان لەگەڵ دروستکردنی 144 یەکەی نیشتەجێبون بۆ هاوڵاتیانی کەمدەرامەت لە کەلار | 2،864،000،000 | 85% | 2013/12/11 | وەبەرهێنانی ساڵی 2013 |
| 4 | دروستکردنی 144 یەکەی نیشتەجێبون بۆ هاوڵاتیانی کەمدەرامەت لە قەزای کەلار | 2،160،000،000 | 76% | 2024/4/18 | وەبەرهێنانی ساڵی 2013 |

## 9. بەڕێوبەرایەتی رێگاوبانی گەرمیان

بەگوژمەی زیاتر لە 9 ملیۆن دۆلار پرۆژەی رێگاسازی لە بەڕێوبەرایەتی رێگاوبانی گەرمیان راگیراوە.

عەدنان خەلیل، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی رێگاوبانی گەرمیان، باس لەوە دەکات: ئەو پرۆژانەی کە لە سنوری دەسەڵاتی ئێمەیە و راگیراوە بەهۆی قەیرانی دارایی و بودجەکەی لەسەر پترۆدۆلار و پەرەپێدانی ناوچە جیاجیاکانی هەرێمە خۆی لە 3 پرۆژە دەبینێتەوە بە گوژمەی 9ملیۆن و 982 هەزار دۆلارە.

وتیشی: لە ئێستادا ئەنجومەنی وەزیران کاری لەسەر ئەوەکردوە ئەو پرۆژانەی کەلەسەر پترۆدۆلارن بخرێنەوە سەر وەزارەتەکان، بۆیە ئەگەر ئەو پرۆژانە گەڕانەوە سەر وەزارەتمان و کۆدی خۆی وەرگرت، ئەوە ئێمەش دەست بەکاردەکەینەوە.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: ئەوەی لەسەر ئێمەبوە ساڵانە بەبەردەوامی داوامان کردوە بە نوسراوی فەرمی ئەم پرۆژانە بەگەڕبخرێنەوە، چونکە ئەم پرۆژانە پرۆژەی ستراتیژین و گرنگن بۆ ناوچەکە.

| ژ | ناوی پرۆژە | گوژمەی پرۆژە/ دۆلار | رێکەوتی دەست بەکاربون | رێژەی کارکردن | جۆری بودجە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | دروستکردنی رێگاسازی گوندەکانی سەیدخەلیل-گۆبان لە قەزای کەلار | 1،608،007 | 2018/1/17 | 55% | وەبەرهێنان |
| 2 | قیرتاوکردنی سایدی دوەمی رێگای خانەقین- باوە مەحمود | 5،313،257 | 2013/12/6 | 17% | پترۆ دۆلار |
| 3 | دروستکردنی رێگای گوندەکانی (قەڵاچۆغە، خویلێن، مەملەحە، ئاوەبۆرکە) لەگەڵ تێکەڵەڕێژکردنی رێگای گوندی داربەڕو لە ناحیەی سەنگاو | 3،061،000 | 2013/7/6 | 26% | پترۆ دۆلار |

## 10 . بەڕێوبەرایەتی ئاوی دەوروبەری گەرمیان

نەوزاد حەمید، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی دەوروبەری گەرمیان هێمای بۆ ئەوەکرد: ئەم پرۆژانە لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی راگیراون سەرەتا 10 پرۆژە بون، بەڵام لە ئێستا تەنها 6 پرۆژەی ماوەتەوە کە کارکردن تێیاندا دەست پێبکاتەوە.

دەشڵێت: لە ماوەکانی رابردوشدا چەندینجار جەختمان لەسەر ئەوەکردوەتەوە کە ئەم پرۆژانە بەگەڕبخرێنەوە، چونکە گرنگە بۆ گەرمیان، بەڵام بەهۆی ئەوەی بودجەکانیان لەسەر پترۆ دۆلار و وەبەرهێنانی وەزارەتەکان بوە کاری تێدا دەستپێنەکراونەتەوە.

وتیشی: لە ئێستادا یەک پرۆژەمان دەستی بەکارکردوەتەوە ئەویش پرۆژەی تانکی ئەرزی و دانانی پەمپ ستەیشنی ناحیەی رزگارییە کە ئیشی تێدا دەکرێت.

| ژ | ناوی پرۆژە | گوژمەی پرۆژە | رێژەی کارکردن | جۆری بودجە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | دروستکردنی بینا لەگەڵ وەرشەی چاکسازی بە بەڕێوبەرایەتی ئاوی دەوروبەری گەرمیان | 2،147،000،000 | 92% | بودجەی وەبەرهێنانی 2010 |
| 2 | دروستکردنی بینای تاقیگەی مەرکەزی ئاو لەگەڵ دابینکردنی ئامێر و کەرەستە بۆ بەڕێوبەرایەتی ئاوی دەوروبەری گەرمیان | 3،932،000،000 | 80% | بودجەی وەبەرهێنانی 2010 |
| 3 | لێدانی بیری قوڵ و دروستکردنی ژور و هەمو پێداویستیەکان لە نەفت خانەی سەر بە قەزای خانەقین | 100،000،000 | 58% | بودجەی وەزارەتی شارەوانی |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 4 | دروستکردنی تانکی ئەرزی و پەمپ ستەیشن لە ناحیەی رزگاری | 408،964،000 | 70% | بودجەی وەبەرهێنانی 2012 |
| 5 | دروستکردنی بینای فەرمانگەی ئاوی کفری | 603،280 دۆلار | 58% | بودجە قەرپێدانی ناوچە جیاجیاکانی هەرێم |
| 6 | دروستکردنی شەقامی سەرەکی لە ناحیەی سەرقەلا و لێدانی بیری ئاوی خواردنەوە لەگەڵ تۆڕی ئاو بۆ گوندی هەرمۆڵە سەر بە ناحیەی ئاوەسپی | 100،080 دۆلار | 75% | بودجە قەرپێدانی ناوچە جیاجیاکانی هەرێم |
| 7 | راکێشانی تۆڕی ئاو بۆ گەڕەکەکانی شارەوانی کفری | 456،876،000 | 41% | تەواوکاری نەوت سالّی 2011 |

## 11. بەڕێوبەرایەتی ئاودێری گەرمیان

"لەگەڵ دەستپێکی قەیرانی دارایی پرۆژەیەکی ئاودێریمان هەبو راگیرا، رێژەی ئەنجامدراوی پرۆژەکەش لە 21%ـە" موئەیەد ئەحمەد ، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاودێری گەرمیان وا دەڵێت.

دەشڵێت: لە ئێستادا حکومەت هەنگاوێکی ناوە بۆ ئەوەی ئەم پرۆژانە دەست بەکاربینەوە، ئەویش ئەوەیە رەزامەندی ئەوە دراوە ئەم پرۆژانە بخەنەوە سەر بودجەی ئاسایی وەزارەتەکان، بۆ ئەوەی لە رێگەی وەزارەتەکانەوە بودجەی بۆ تەرخانبکرێت.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: ئێمەش لە رێگەی ئیدارەی گەرمیانەوە دەرخستە و مامەڵەکانی ئەم پرۆژەیەمان ئاراستەی سەروی خۆمان کردوە، چاوەڕوانی ئەوەین بودجەمان بۆ تەرخانبکرێت بۆ ئەوەی دەستبەکار بکەینەوە، چونکە پرۆژەیەکی گرنگە بۆ ئێمە و ئاو گل دەداتەوە.

| ژ | ناوی پرۆژە | گوژمەی پرۆژە / دۆلار | رێژەی کارکردن | رێکەوتی دەستبەکاربون | جۆری بودجە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | پرۆژەی ئاودێری کانی کرمانج و شاوازی لە ناحیەی مەیدان | 864،654 | 21.6% | 2013/12/31 | پترۆدۆلار |

## 12. بەڕێوبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان

بۆ ماوەی 11 ساڵە شوێنەوارەکانی گەرمیان کارکردن تێیاندا راگیراوە، بەڕێوبەری شوێنەواری گەرمیانیش دەڵێت: نۆژەنکردنەوەی ئەو 2 پرۆژەیەی کە راگیراوە بەرەو لەناوچون دەچن و شوێنەوارەکانی گەرمیان لە ئەولەویەتی کاری حکومەت نیە.

| ژ | ناوی پرۆژە | گوژمەی پرۆژە | رێژەی کارکردن | رێکەوتی دەستبەکاربون | جۆری بودجە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | نۆژەنکردنەوەی بازاڕ و قەیسەری کفری | 7 ملیار دینار | 3% | 2013 | وەبەرهێنان (وەزارەت) |
| 2 | نۆژەنکردنەوەی کۆشکی مەحمود پاشا | 600 ملیۆن دینار | 0% | 2013 | وەبەرهێنان (وەزارەت) |

سالّح محەمەد سەمین، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان باس لەوەدەکات: لە سالّی 2013ـەوە ئەم پرۆژانەی ئێمە دەرچوە بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکرێت، بەلاّم بەهۆی قەیرانی دارایی و شەڕی داعشەوە هیچ کاری لەسەر نەکراوە، تەنها بازاڕ و قەیسەری کفری نەبێت کە دەستمان بەکارکردن کرد تێیدا.

وتیشی: بازاڕ و قەیسەری کفری لە رێگەی ئیدارەی گەرمیانەوە بەشێوەی تەندەرین دەرچو بۆ نوسینگەی سبەی و کومپانیایەکی ئێرانی بە گوژمەی 262 ملیۆن دینار، کە دیزاینی پرۆژەکە بکەن، ئەوانە کارەکانی خۆیان تەواو کرد بەلاّم تاوەکو ئێستا هیچ برە پارەیەک خەرج نەکراوە بۆیان.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: ئەم پرۆژانەی ئێمە لەسەر بودجەی وەزارەتە بەلاّم بەهۆی ئەوەی شوێنەوار لە ئەولەویەتی کاری حکومەتدا نیە بۆی گرنگ نیە دەست پێبکاتەوە یان نا، چونکە کە باسی ئەوە دەکەی بازاڕی قەیسەری کفری پێویستی بە 7 ملیارە حکومەت وەلاّمت ناداتەوە و ئەلّێت پرۆژەی خزمەتگوزاری ئەولەویەتە.

جەختی لەوەشکرەوە: بەبەردەوامی داوامان کردوە ئەم پرۆژانە دەست بەکار ببن بەتایبەت ئەوەی کۆشکی مەحمود پاشا کە 600 ملیۆن دیناری پێویستە کە سالاّنە 200 ملیۆنمان بۆ تەرخان بکەن، بە قسە و نوسراو هەیە تەرخان کردن، بەلاّم واقع نیە.

## 13. بەڕێوبەرایەتی وەرزشی گەرمیان

تەلّعەت سەعدوللاّ، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی وەرزشی گەرمیان، باس لەوە دەکات: یاریگای شێروانە قۆناغی یەکەمی یاریگاکە تەواو بوە لەگەلّ شوێنی دانیشتی 5 هەزار هاندەر، ئەوەی گرفتە چیمەنی یاریگاکە بو کە لە ئێستادا دەستکراوە بە چاکردنی و پارەی بۆ تەرخان کراوە.

وتیشی: بەلاّم قۆناغی دوەمی پرۆژەکە لە سالّی 2014 بەهۆی قەیرانی داراییەوە راگیرا کە دروستکردنی شوێنی دانیشتنی 10 هەزار هاندەرە کە لە 30% کارەکانی تەواو ببو، دوای ماوەیەک دەستکرایەوە بە کارکردن تێیدا، بەلاّم لە سالّی 2019 کە رێژەی ئەنجامدراوی گەشتبوە لە 40% دیسان کارکردن تێیدا راگیرایەوە بەهۆی نەبونی پارەی نەختینە لە بانکدا.

دەشلّێت: ئەگەر ئەم پرۆژەیە دەستپێبکاتەوە ئەوە دەبێتە یەکەم یاریگای نێودەولّەتی لە گەرمیان و دەتوانرێت چەندین پالّەوانێتی تێدا ئەنجام بدرێت.

لەبارەی ئەو پرۆژانەی دیکە کە لە سنورەکە راگیراون و دەستیان بە کارکردن کردوەتەوە، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی وەرزشی گەرمیان هێمای بۆ ئەوەشکرد: هۆڵی داخراوی نێودەوڵەتی کفری ئەوەش قۆناغی یەکەمی تەواو ببو، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە راگیرابون، بەڵام لە ئێستادا قۆناغی دوەمی پرۆژەکە دەستی پێکردوەتەوە و چاوەڕوان دەکرێت لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەو پرۆژەیەش تەواو ببێت ئەگەر حکومەت ئەو بودجەی بۆی تەرخان کردوە خەرجی بکات.

بەپێی وتەی ئەو بەڕێوبەرە، لە سنوری گەرمیان 2 پرۆژەی دیکەی وەرزشی هەیە کە رۆشتوەتە بواری جێبەجێکردنەوە لە ساڵی 2014ـەوە، بەڵام بودجەی بۆ تەرخان نەکراوە بەهۆی قەیرانی دارایی و دەست بەکارکردن نەکراوە تێیاندا، ئەویش 2 یاریگای تارتانی 11 یاریزانیە کە یەکێکیان بۆ یانەی شێروانەیە و ئەوەکەی دیکەشیان بۆ وەرزشکارانی سنورەکەیە.

| ژ | ناوی پرۆژە | گوژمەی پرۆژە/ دۆلار | رێژەی کارکردن | جۆری بودجە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | دروستکردنی دو شوێنی هاندەران "مودەرەجی" کەوانەیی بۆ تەواوکاری یاریگای یانەی شێروانە لە قەزای کەلار | 432،257 | 27% | پەرەپێدانی هەرێم |

## 14. بەنداوەکان

جەبار مەحمود، سەرپەرشتیاری بەنداوەکانی گەرمیان دەڵێت: لە سنوری گەرمیان 3 بەنداومان هەبو دەست بەکارکردن تیایاندا کرا و قەیرانی دارایی بەسەرداهات و راگیران، کە بریتی بون لە بەنداوەکانی: باوەنور، خۆرنەوەزان و تورەجار.

وتیشی: ئەوەی تورەجارِ بە تەواوی تەواو بوە و توانای گلدانەوەی ئاویشی هەیە، بەڵام ئەوەی باوەنور و خۆرنەوەزان بەهۆی قەیرانی داراییەوە راگیراون و هەر یەکەیان و رێژەیەک کاریان تێدا کراوە بەتایبەت ئەوەی خۆرنەوەزان لە 95%ـی تەواو بوە.

دەشڵێت: لە ئێستادا بەرەوپێشچونێک هەیە بۆ ئەوەی بەنداوی خۆرنەوەزان دەست بەکارکردن بکرێتەوە تێیدا و کۆمپانیایەکیش بۆ ئەو مەبەستە دەرخستەیەکی پێشکەش کردوە، چاوەڕوانی ئەوەین بزانین رەزامەندی دەدرێت یان نا.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: ئەوەی باوەنور لە 13% کاری تێداکراوە و هیچ دەنگی نیە کاری تێدابکرێتەوە.

| ژ | ناوی پرۆژە | گۆژمەی پرۆژە/ دینار | رێژەی کارکردن | رێکەوتی دەستبەکاربون | جۆری بودجە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | دروستکردنی بەنداوی باوەنور | 243،000،000،000 | 13% | 2013/8/21 | وەبەرهێنانی وەزارەت |
| 2 | دروستکردنی بەنداوی خۆرنەوەزان لە قەزای کفری | 16،508،529،579 | 95% | 2010/10/23 | وەبەرهێنانی وەزارەت |

## 15 . پرۆژەکانی تر

| ژ | ناوی پرۆژە | گوژمەی پرۆژە | رێکەوتی دەست بەکاربون | رێژەی کارکردن | جۆری بودجە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | دروستکردنی بینای دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی کەرکوک/ گەرمیان لە کەلار | 08،939،691،000 | 2014/11/11 | 10% | وەبەرهێنانی ساڵی 2013 ئەنجومەنی دادوەری |
| 2 | دروستکردنی بینای فەرمانگەی داواکاری گشتی لە کەلار | 01،401،601،200 | 2013/10/20 | 35% | پەرەپێدانی ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان |
| 3 | دروستکردنی بینای تاقیگەی بیناسازی گەرمیان | 1،975،527،600 | 2013/8/5 | 62% | پەرەپێدانی ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان |

## بەشی دووەم: چارەنوسی پرۆژە راگیراوەکان

ئیداری گەرمیان رایدەگەیەنێت ئەو پرۆژانەی راگیراون لە سنوری گەرمیان، کار لەسەر ئەوەکراوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە، دەست بەکارکردن تیایاندا بکرێتەوە.

رامیار عەبدولڕەحمان، جێگری سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان بۆ کاروباری هونەری باس لەوە دەکات: بەشێکی پرۆژەکان کە لە سنوری گەرمیانن و نزیکەی 40 پرۆژە دەبن، بەهۆی قەیرانی داراییەوە راگیراوە و بودجەکەیان لەسەر پترۆ دۆلارە.

دەشڵێت: لە ئێستادا ئەنجومەنی وەزیران کار لەسەر ئەوە دەکات ئەو پرۆژانە بخرێنەوە سەر وەزارەتەکان بۆ ئەوەی پارەیان بۆ تەرخان بکرێت، بۆ ئەو مەبەستەش لیژنەیەکیان پێکهێناوە و کاری لەسەر دەکەن و تاوەکو ئێستا نەگەشتونەتە قۆناغی کۆتایی، بۆیە ئەگەر بێت ئەو ئەو بابەتە یەکلا ببێتەوە و ئەو پرۆژانە بەگەڕبخرێنەوە ئەوە گەرمیان دەباتە قۆناغێکی ترەوە.

هێنای بۆ ئەوەشکرد: وەک ئیدارەی گەرمیانیش ئەوەی بە ئێمە کراوە کردومانە چ لە ئەنجامدانی کۆبنەوە یان بە نوسراوی فەرمی کە پاڵپشتی بوین، کۆتاجار ئەنجومەنی وەزیران نوسراوی ئاراستەی وەزارەتەکان کردوە بۆ ئەو مەبەستە.

لەبارەی ئەوەی بە گوژمەی چەند پرۆژە لە گەرمیان راگیراوە بەهۆی قەیرانی داراییەوە، جێگری سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان بۆ کاروباری هونەری جەختی لەوە کردەوە: لە سنوری گەرمیان بە گوژمەی زیاتر لە 100 ملیار دینار پرۆژە راگیراوە لە سنورەکە کە لەسەر پترۆ دۆلارە، ئەمە جگە لەوەی کە لەسەر بودجەی وەبەرهێنانی وەزارەتەکانیش پرۆژەمان هەیە راگیراوە بە گوژمەی زیاتر لە 50 ملیار دینار.

سەبارەت بە بەڵێندەرانی پرۆژەکانیش ئاماژەی بەوەشکرد: پشتگیری تەواوی بەڵێندەرانی پرۆژەکانین لە هەر گۆڕانکارییەک کە بیانەوێت لە دەرخستەکاندا بیکەن، چونکە ئەو کات کە دەرخستەکان کراوە دۆلار نرخێک بوە ئێستا نرخێکی ترە، بۆیە ئەنجومەنی وەزیران هەر بڕیارێک بدات لەو بارەیەوە ئێمە کاری لەسەر دەکەین لە هەر گۆڕانکارییەک کە بکرێت لە دەرخستەکاندا.

## بەشی سێیەم: دەرەنجام و راسپاردەکان

### یەکەم: دەرەنجام

1. تێکرِا ژمارەی پرۆژە خزمەتگوزارییە راگیراوەکان لە سنوری ئیدارەی گەرمیان، (67) پرۆژەن، پرۆژەیەکیان کە دروستکردنی 2 بنکەی تەندروستییە، بەیەکەوەن، بەڵام هەر یەکی لە ناحیەیەکن، تێکرِاش سەروی 150 ملیار دینار بودجەکانیانە.

2. زۆرینەی پرۆژە راگیراوەکان لە قەزای کەلارن، کە 26 پرۆژەن، بەدوای ئەودا کفری دێت کە 14 پرۆژەیە و پاشان خانەقین کە 12 پرۆژەیە.

3. لە ناحیەکانیش، زۆرترین پرۆژەی راگیراو لە ناحیەی رزگارییە کە 4 پرۆژەیە، پاشان ناحیەی سەرقەڵا و کۆکس و باوەنور و ئاوەسپی دێن یەکی بە 2 پرۆژە، هەرچی ناحیەکانی: مەیدان، قۆرەتو یەکی پرۆژەیەکی راگیراویان هەیە، هەروەک پرۆژەیەکی دیکەی راگیراویش لە گوندەکانی سنوری ناحیەی سەنگاوە، ئەگەرچی ئێستا ئەو ناحیەیە لەسەر ئیدارەی گەرمیان نییە، بەڵام پرۆژەکە لەلای ئیدارەی گەرمیان تۆمارکراوە.

4. زۆرترین کەرت کە پرۆژەی راگیراوی هەیە، شارەوانییە کە 21 پرۆژەیە لەسەر ئاستی گەرمیان.

5. زۆرێک لەو پرۆژانەی راگیراون، لەسەر بودجەی پترۆدۆلارن، واتا لەسەر پارەیەک بو پەیوەست بو بە دەرهێنانی نەوت و بە "شیرینی کۆمپانیا نەوتییەکان" ناودەبرا، بەڵام دوای دروستبونی قەیران و کێشە بەدوایەکدا هاتوەکان هەتا گەیشت بە راگیرانی هەناردەکردنی نەوت، ئەو پارەیە راگیرا، ئەمەش گەورەترین کێشەیە لەبەردەم دەستپێکردنەوەی ئەو پرۆژانە.

6. پرۆژە راگیراوەکان نزیکەی لە 15 بوار و سێکتەری سەرەکین، کە لە هەر یەکە لەو سێکتەرانەش بەشی دیکەی لێدەبێتەوە.

7. پرۆژەکان لە روی قەبارەوە جۆراوجۆرن، هەیانە پرۆژەی زۆر گەورە و ستراتیژین، هەشیانە مامناوەند و هەشیانە بچوکن.

8. لەدوای قەیرانی داراییەوە کە بوەتە هۆی راگیرانی پرۆژەکان، تەنها توانراوە 5 لەو پرۆژانە کە پێشتر وەکو ئەم (67) پرۆژەیەی ئێستا راگیرابون، دەستبەکارکردن تیایاندا بکرێت و تەواو بکرێن.

9. بەشێک لە پرۆژەکان لەلایەن کۆمپانیای جێبەجێکار و بەڵێندەرەکانەوە دەستبەرداریان بون و جێهێڵراون و چیتر ئامادە نین کاریان تێدا بکرێتەوە.

10. بەشێک لە پرۆژەکان بەشی زۆریان جێبەجێ کراون و رێژەیەکی کەمیان ماوە تەواو بکرێن، هەروەها هەندێکیشیان ناوەناو دەست بە کارکردن تیایاندا کراوە و دواتر هەم راگیراونەتەوە.

**دووەم: ڕاسپاردەکان**

1. تەواونەکردنی ئەو پرۆژانە کاریگەرییەکی خراپی داناوە لەسەر ئاستی خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکان، بەشێوەیەک وایکردوە کە لەجێگەی خۆیان بوەستن یان بەرەوپێش نەچن. هەربۆیە گرنگە حکومەت هاوکات بە ڕێکەوتنی لەگەڵ حکومەتی ناوەند لەبارەی پرسی دارایی، بەرنامەیەک دابنێت بۆ سەرلەنوێ دەستبەکارکردنەوە لەو پرۆژانەدا.

2. پێشنیاز دەکەین لەسەر ئاستی ئیدارەی گەرمیان، لیژنەیەکی باڵا پێکبهێنرێت بۆ پێداچونەوە بە پرۆژە ڕاگیراوەکان و ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی ورد لەبارەیانەوە، کە دەرخستە و تێبینییە هونەرییەکان لەخۆ بگرێت، هەروەک پۆلێنی پرۆژەکان بەپێی قەبارە و بڕی جێبەجێکراو و گرنگیی و ستراتیژیی بونی پرۆژەکان بکرێت، بۆئەوەی بەرچاوڕونییەک هەبێت لەمبارەیەوە.

3. یەکێک لە گەورەترین کێشەکانی بەردەم پرۆژەکان، ئەوەیە کە بەشێکی گرنگیان لەسەر بودجەی پترۆدۆلارن، ئێستاش کە ئەو بودجەیە ڕاگیراوە و نەماوە، پرۆژەکان هیچ ئومێدێکیان نیە بۆ دەستپێکردنەوەیان. لەئێستادا حکومەتی هەرێم بڕیاری داوە بە گواستنەوەی ئەو پرۆژانەی لەسەر بودجەی پترۆدۆلارن بۆسەر وەزارەتەکان، بەڵام هێشتا ئەو بڕیارە لە ئەرزی واقیعدا جێبەجێ نەکراوە. بۆیە بەگرنگی دەزانین حکومەت دەستوبرد بکات لەو پرۆسەیەدا.

4. لەئەگەری باشبونی دۆخی دارایی و دەستپێکردنەوە بە پرۆژەکان، گرنگە ئەولەویەت بدرێت بەو پرۆژانەی ستراتیژین و زیاتر گرنگن، ئەمەش واباشترە بە پشتبەستن بە بەدواداچونێکی زانستی و واقیعی بێت کە لەلایەن لیژنە و تیمەوە ئەنجامدرابێت، وەک لە خاڵی دودا پێشنیازمان کردوە.

5. بەوپێیەی دۆخی سەرەتای ڕاگەیاندن و دەستبەکاربونی پرۆژەکان لەسەرەتاوە جیاوازە وەک ئێستا، چ لە روی پێکهاتەی پرۆژەکان، هەروەها گونجاندنیان بۆ کاتی ئێستا لەگەڵ نرخ و بڕی پارەی دیارییکراو بۆیان، تەنانەت ڕەنگە هەندێک پرۆژە لەئێستادا گرنگ و پێویست نەبێت بەو شێوەیەی پێشتر بڕیاری لەسەر دراوە جێبەجێ بکرێت، بۆیە پێویستە لەو روەشەوە پێداچونەوەیەکی گشتگیر بکرێت.

6. گرنگە کارێک بکرێت ئەو پرۆژانەی کە ڕێژەیەکی کەمیان ماوە بۆ تەواوبون، تەواوبکرێن و بتوانرێت بودجەی پێویستیان بۆ دابنرێت بۆ ئەو مەبەستە.